# دوو کچ لە دادگا حاشا لە باوکـــیان دەکەن

**کـــەس نییـــە دایك و باوکی ڕەت بکاتەوە، چونکە پەیوەندی مرۆڤ بە دایك و باوکییەوە پەیوەندی خوێنە، ڕەتکردنەوەی دایك و باوك، یان یەکێکیان بە تەنیا، مەحاڵە ڕوویدات مەگەر هۆیەکی زۆر کاریگەرو بەهێز هەبێت.**

**جا هۆیەکە هۆیەکی دەروونی بێ، وەك ئەوەی زەبرێکی دەروونی دروســـتیکردبێ، یا لە ئەنجامی ژیانێکی تاڵ و دژوارەوە بوویێـــت، بە هەرحاڵ بەســـەرهاتی ئەمجارەمان، بەســـەرهاتێکی حەقیقییەو تیایدا دوو خوشـــکی تـــازە گەنج باوکی خۆیان ڕەتدەکەنەوەو لە دادگادا ڕایدەگەیەنن کە نایانەوێ تەنانەت ناویشیان لەسەر ناوی باوکیان بێت و حاشای لێدەکەن. بەڵام بابزانین هۆی ئەو ڕەتکردنەوەیە چییەو دواجار مەسەلەکە بەچی دەگات.**

## باوکێکی تووڕەی هەمیشە هەڵچوو و دڵڕەق

خێزانی (مســـتەفا خـــدر)، خێزانێکـــی چوار کەســـی بوون، (مستەفا) خۆی و ژنەکەی و هەردوو کچەکەی (حەلیم و حەمدیە).

(مستەفا) کە لە گوندێکی نزیك شار دەژیا بە کاروباری شینایی خەریکبوو، پیاوێکی تا بڵێی دەمدەمی بوو، لەوانەیە بە شـــتێکی زۆر بچووك تووڕەو هەڵبچوایە، کەسێك بوو زوو هەڵدەچوو زووش ســـارد دەبۆوە، هەمـــوو جاران(ئامینە)ی ژنی (مســـتەفا) دەیگوت، بە خودا من نەبم کەس ناتوانێ لەگەڵ مســـتەفا ئیدارە بکات. (مســـتەفا) ڕۆژ بە ڕۆژ خراپترو توندوتیژتر هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژن و منداڵەکانی دەکرد، (مســـتەفا) هەموو جارێ کە دەیکردە شەڕو ئاژاوە، دەیگـــوت من هەر ژنێکی تر دێنم و ئێـــوەش یا دەبێ لێرە بمێننـــەوە یانیش بۆ خۆتـــان کوێتان پێ بـــاش بێ بڕۆن، هەروەك(حەمدیە)ی کچە گـــەورەی دەگێڕێتەوە: باوکم کە دەیگوت بڕۆن، ئەوەشـــی بۆ زیاد دەکردو دەیگوت چونتان بێ هاتنەوەتان نەبێت، ڕۆژ نەبوو پەڵپ و بیانوو بە دایکمان نەگرێت و لێینەدات.

(حەلیم)یش هاتە ناو قســـان و گوتەکانی خوشـــکەکەی پشت ڕاستکردەوەو گوتی: بە ڕاستی ژیانێکی تفت و تاڵمان هەبـــوو، ژیان نەبوو ژەهری مار بوو، من و خوشـــکەکەم لە سایەی سەری ئەو باوکەمان چاومان بە قوتابخانە نەکەوت و نەمانزانـــی ژیانێکی ئارام مانای چییە، بەشـــێکی ئەو دەردەسەرییەشـــمان هۆیەکەی ئەوەبوو، دایکم دوای ئەوەی ئێمـــەی بوو چیتر منداڵی نەدەبوو، باوکیشـــم هەم منداڵی زیاترو هەمیش کوڕی دەویست...

## دەربەدەریی

(حەمدیە) ئەزموونی ڕۆژگارە تاڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کە باوکم بڕیاریدا ژنێکی تر بێنێ، دایکم گوتی هیچ ڕێگرییەکم نییە، بڕۆ ژن بێنە، ئێمە لە ژوورێك و ئێوەش لە ژوورێکی تر بن، ئەوەبوو دوای مانگێك ژنێکی تری هێنا. ئەوکاتی ئێمە تەمەنمان لە نێوان یانزەو دوانزەساڵیدا بوو، بە هاتنی ئەم ژنە ژیانمان هێندەی دیکە تاڵ و ناخۆشـــتربوو، ئەوەبوو شـــەوێك کە دنیا تا بڵێی ســـارد بوو، هەتا پێی کرا لە دایکمیدا، دەم و ددانی پڕ لە خوێن کردو سەری شکاند، بەم سەرمایەشەوە لە ماڵ دەریکرد، هەرسێکمان بەو زستانە ســـاردەوە لە کۆڵان مابووینەوە، کە هیچ شـــوێنێکمان شك نەبرد، دایکم لە دەرگای ماڵە دراوسێیەکمانی داو شەوەکەی لەو ماڵەمان بەسەربرد. هەرچۆنێك بێت بەیانییەکەی دایکم ئێمـــەی لەگەڵ خۆی بردە ماڵە ئامۆزایەکم و ماوەیەك بەم شێوەیە لەوێ ماینەوە.

## دووبارە مێردکردنەوە

(حەمدیە) لەمەڕ ڕۆژگارەکانـــی دوای دەربەدەربوونیان بەدەســـت باوکییەوە درێژەی دەداتـــێ و دەڵێ: کە لە ماڵە

ئا: باوکی میدیا



ئامۆزایەکەم ماینەوە، ئامۆزاکەم کە پیاوێکی دنیا دیدەو تێگەیشتوو و چاوتێرو بە ئەمەك بوو، لە وردو درشتی کێشەکەی دایکم و باوکمی کۆڵییەوە، ئێوارەیەکیان بە دایکمی گوت کەوا هەوڵدەدا بە وردی قسە لەگەڵ باوکم بکات و بزانێ بەڵکو چاکببنەوەو ئێمەش بچینەوە ماڵەباوان و چیتر سەرگەردان نەمێنین، بەڵام ئەوەشی بە دایکم گوت کە ئەو خۆی بە برای دایکم دەزانێ و ماڵی ئەو ماڵی ئێمەیە قەت لەبەر ئەوەی نییە کە لە ماڵی ئەوین. بە راستی دواتر قسەکانیشی بە تەواوەتی راست دەرچوون، ئامۆزاکەم چووە لای بابم و چەند کاتژمێرێك گفتوگۆی لەگەڵ کردبوو، کەچی بێ سوود ببوو، ئیدی بەدەست بە تاڵی هاتبۆوە. پاش دوو سێ رۆژ بابم هەواڵی نارد کە دایکمی سێ بەسێ تەڵاق دایەو با چیتر نەیەتەوەو، دایکیشم دوای ساڵێك شووی کردەوەو ئێمەش لە ماڵە ئامۆزاکەم ماینەوە.

## لەبەردەم دادگادا

(مستەفا) کە ژنێکی تر دێنێ منداڵی دەبێ و هەموویان گەورە دەبن و هەردوو کچەکەی خۆشی گەورە دەبن و دەگەنە قۆناغی گەنجێتی. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش هەر لای ئامۆزاکەیان دەمێننەوەو دایکیشیان لای مێردی دووەمی دەبێ و (حەمدیەو حەلیم) بریار دەدەن کە هەر لای ئامۆزاکەیان بمێننەوە، چونکە دایکێك کە لەبەر خاتری مێردکردنەوەی خۆی گوێ بەوان نەدا ئەو دایکە با هەر نەبێ باشترە، ئەوان کە هەراش دەبن (مستەفا) بیر لەوە دەکاتەوە دوو کچەکەی بباتەوە لای خۆی بەدرێژایی ئەو ماوە دووروودرێژەش (مستەفا) وردە وردە گۆڕانی بەسەر دادێ و هەست دەکات کە هەڵەی گەورەو زۆری کردووە دەرهەق بە ژنەکەی و منداڵەکانیشی، ئینجا لە هێنانەوەی ژنەکەی بە تەواوی بێ ئومێد دەبێ، چونکە لەلایەك تەڵاقی داوە پێشتر لەلایەکی دیکەش ژنەکەی مێردێکی دیکەی کردۆتەوە. بەڵام سەبارەت بە دوو کچەکەی ئومێدی ئەوەی دەبێ کە بیانگەڕێنێتەوە بۆیە راستەوخۆ قسە لەگەڵ برازاکەی خۆی دەکات بەڵکو هەوڵبدات بە قسەی خۆش وردە وردە کچەکانی رازی بکات و دڵیان چاك بکاتەوە تاوەکو رازی بن بچنەوە لای باوکیان، بەڵام کچەکانی بەشێوەیەکی رەها رەتیدەکەنەوەو گوێی پێنادەن، ئیتر بەخۆی دەچێتە لایان و هەوڵدەدا قسەیان لەگەڵ بکات و رازیان بکات، بەڵام هەر بێ سوود دەبێ، چەندین مانگ هەوڵدەدا، بەڵام هیچ ئاکامێك وەدەست ناهێنێ، تاوەکو رۆژێك لەمیانی هەوڵەکانیدا زۆر پێدا دەگرێ کە بیانباتەوە ئەوانیش هەر قبووڵی ناکەن.

ناچار تووڕە دەبێ و بە هەڵچوونەوە پێیان دەڵێ کە بە زۆریش بێ هەر دەیانباتەوە، ئیدی هەردوو کچەکە لە دادگا سکاڵا لە دژی باوکیان تۆمار دەکەن، کە هەڕەشەیان لێدەکات و ئەگەری ئەوە هەیە ئازاریان بدات. کە رۆژی دادگاییکردن دیاریدەکرێت، دادگا کچەکان و باوکەکەشیان ئاگادار دەکاتەوە کە بە مەبەستی دادگاییکردن ئامادەبن.

رۆژی یەکەمی دادبینی، دادوەر دوای ئەوەی سەیری پەراوی لێکۆڵینەوەی بەردەمی دەکات و گوێ لە هەردوولا دەگرێ لەمەڕ ناوەڕۆکی سکاڵاکە، داوا دەکات هەردوولا پێکبێن و ئاشت ببنەوە، بەڵام هەردوو کچەکە بە سووربوونەوە داواکەی خۆیان دووپات دەکەنەوەو بە راشکاویش چوونەوە لای باوکیان رەتدەکەنەوە. دادوەر چەند هەوڵی چاککردنەوەو ئاشتەواییان دەدات ئەنجامێکی نابێ... ئیدی بڕیار دەدات دادبینییەکە بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوەبچێ، بۆ ئەوەی هۆکاری ئەو هەڵوێستەیان بزانێ دوای ئەوەی تەنها دادوەر قسە لەگەڵ کچەکان دەکات و ئینجا تێدەگات کە ئەم دوو کچۆڵەیە چەند ستەم لێکراون و ئەو باوکەش کاتی خۆی چەندە زوڵمی لێکردوون.. ئیتر ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی دادوەر هەموو هەوڵێکی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو کچانە بچنەوە لای باوکیان رابردووی تاڵ لە بیر بکەن بەتایبەتی دوای ئەوەی باوکیان پەشیمانی راستەقینەی خۆی نیشانداو بەسۆزو خۆشەویستییەوە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ و بە هەر مەرجێك کە کچەکانی دایدەنێن پێشوەختە رازیبوونی خۆی لەسەر دەدات تەنها ئەوان بگەڕێنەوە لای و چیتر دوور لە سۆزی باوکایەتیان نەبن بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود دەبێ.

**حاشاکردنی منداڵ لە دایک یان باوکی کارێکە زۆر بە دەگمەن روو دەدات مەگەر هۆیەکی زۆر کاریگەرو بەهێز هەبێت، وەک لە حاڵەتی ئەم دوو خوشکە دەبیندرێ کە بەهۆی زەبرو زۆر و ستەمی باوکیان ئەو بڕیارە دەدەن**



کۆمەڵناسێک:
**بە پێچەوانەی پیاوان ئافرەتان زیاتر ئەو جۆرە یادانەیان لەبیرەو بایەخی پێی دەدەن**

ئا: بێگەرد حوسێن

**لە** مارکێتەکەی خۆی وەستابوو سەرقاڵی بەڕێکردنی ئەو موشتەریانە بوو کە روویان لە دووکانەکەی کردبوو، سەرەتا وای زانی ئێمەش وەك ئەوان کارێکمان هەیە، بەڵام کە گوتمان رۆژنامەنووسین فەرمووی لێکردین و دانیشتین، (هەڵگورد نەجمەدین) کە دەرچووی کۆلیژە و شەش ساڵێك دەبێ ژنی هێناوەو پێی وابوو ژیانی هاوسەری قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤەکان بۆیە دەبێت تەوای ئەو سەرەداوو وردکارییانەی پەیوەستن بەو ژیانەوە لەبیر نەکرێن، هەڵگورد گوتی: زۆر حەزم دەکرد بەرواری رۆژی هاوسەرگیریم ژمارەیەك بێ هەرگیز لەبیر نەکرێت و بە ئاسانی بێتەوە یاد وەك ئەوەی (٢٠٠٢/٢/٢)بێ زۆر ئارەزووم بوو لە بەروارێکی وادا ئاهەنگی هاوسەرگیری بگێڕم، بەڵام زروف و بارودۆخ رێگەیان نەداو ئەو رۆژە کەوتە ( ٧/ ٢/ ٢٠٠٢) ئێستاش ئەو رۆژەم بە تەواوی وردکارییەکانییەوە لەبیرە، هەڵگورد گوتیشی (رۆژێکی یەکلا کەرەوەیە لە ژیانی هاوسەراندا بۆیە نابێ هەرگیز لە بیر بکرێت) بەڵام بە ئەسەفەوەش باسی لەوە کرد کە زۆرێك لە هاوسەران یادەوەری و بەروارەکەیان لە بیرنیەو بێ باکانە گرنگی ئەو رۆژە دەگمەنانەیان بە سەر تێدەپەڕێت، دواجار هەڵگورد گوتی: لەبیر نەکردنی ئەو رۆژە وێڕای ئەوەی پێوەرە بۆ وەفاو وا بەستەبوونی ژن و مێرد بەیەکتری هاوکات گڕو تین و نوێبوونەوەش دەخاتە ژیانیانەوە.

***هەموو کوڕو کچێك بە چاویلکەیەکی وەردی و کۆمەڵێك حەزوو ئارەزووەوە لە چاوەڕوانی رۆژێکدان کە پێی دەگوترێ رۆژی هاوسەرگیری ئەو رۆژەی کۆتایی بە ژیانی تەنیایی لاوان دێنێ و کوڕو کچێك لە ژێر ساباتی چیانی هاوبەشدا کۆ دەکاتەوە، بۆیە زۆرێك پێیان وایە دەروازەو ئاسۆیەکی نوێی ژیانە، بێگومان مرۆڤ هەر جۆرە بیرکردنەوەو بۆچونێکی هەبێ بەرامبەر بە ژیان بە ویستی خۆی بێ یان نا، ئەوا سیماکانی ئەو رۆژە بە ئاهەنگ و مەراسیم بەڕێ بکرێ یان بە سادەو بێدەنگی هەر خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانە لە ژیان تایبەتی تاکەکاندا، لێرەدا دەبێ، هاوسەران چۆن بیری ئەو رۆژە دەکەنەوە؟ تاچەند بەروارەکەیان لە قوڵایی زاکیرەیان پاراستووە؟***

***لەبیرنەکردن و بایەخدان پێی چ رەنگدانەوەیەکی دەبێ بۆ ژیانی هاوسەران؟***

مامۆستا (سندووس نادر پیرداود) جێگری بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ئاوات دەڵێت: بەڕاستی ئەو رۆژە زۆر گرنگ و پڕ واتابوو لە ژیانمداو هەمیشە لە یادمە و قەت لەبیری ناکەم و بە گرنگترین رۆژەکانی ژیانمی دادەنێم و ئێستاش خۆشیەکەی لە دڵمدایە، مامۆستا گوتی: ئەو کاتەی کە ویستیان ئاهەنگم بۆ بگێڕن هیچ کەم و کوڕیم نەدیت و لە بری یەك جار دووجار منیان رازاندەوە، لەبیرمە یەکەمیان رۆژی پێنج شەممەبوو دووەمیشیان رۆژی هەینی چووینە مەسیف لەوێ رۆژی یەکەمی بووکێنیم بەڕێکرد لە راستیدا، من زیاتر یادی ئەو رۆژە دەکەمەوە نەك هاوسەرەکەم ئەو گرنگی بەو شتانە نادات،بەڵام من هەمیشە لەبیرمدایە، مامۆستا ئەوەشی گوت: هەموو ساڵێك لەو رۆژەدا من بەبیری دەهێنمەوەو ئەویش لە بازاڕ چەپکە گوڵێك یان دیارییەکم بۆ دەهێنێت ئەوەش گەورەترین شتە لە ژیانمدا، چونکە زۆر دڵم بە دیارییەکانی خۆش دەبێت.

- بۆ هەمان مەبەست یەکێکی دیکەمان دواند کە لێمان پرسی ناوی چییە بە (کاروان) خۆی پێناساندین کە پرسیارمان لێکرد ئایا کەی ژنی هێناوە لە یادی نەبوو بۆیە دەڵێت:

# رۆژی هاوسەرگیری لە زاکیرەی هاوسەراندا



ئەوکات هەستم بە خۆشی و ئارامی دەکرد و خۆم بە کەسێك دانا کە بەرپرسیارم بەرامبەر بە زۆر شت لە ژیاندا، بەڵام بەداخەوە لەیادم نییە چ ساڵێکەو کەی بووە، کاروان گوتی: دوای ژن هێنان پیاو دەچێتە قۆناغێکەوە کە زۆر شتی پڕ بەها وەدەست دەهێنێ و دوارۆژێکی گەش بۆ داهاتووی دەستەبەر دەکات، هەروەها هاوسەرەکەم زیاتر بیری لێدەکاتەوە، چونکە ئەوان زیاتر لە ماڵەوەن، دواجار پێمان گوت قەت لەو یادەدا دیاریت نەداوەتێ؟ بە پێکەنینەوە گوتی: لەمێژە دیاریم نەداوەتێ، چونکە بەرواری ئەو رۆژەم لەیادنیە.

"کە بیر لە رۆژە دەکەمەوە هەست دەکەم پەلەم کرد"

(بێکەس حەمە قادر) جگە لەو قسانە دەڵێت: ٧/٤/ رۆژی هاوسەری و ژن گواستنەوەم بوو، ئێستا بیر دەکەوە کە بۆ وا زوو هاتمە ناو ئەو پرۆسەیە و نەمتوانی کەمێك چێژ لە ژیانی گەنجیم ببینم، ئەوکاتە بەلامەوە زۆر خۆشبوو و نەشم دەزانی مەسەلە چییە و چۆن بەرەنگاری ببمەوە، پێم لە سەمایەکی شێتانە دەچوو، (بێکەس) گوتیشی: ئەوکات هەستم دەکرد ئیدی بوومەتە پیاوو سەرپەرشتی ماڵێکم لە ئەستۆیەو دەبمە خاوەنی منداڵ و بۆ ماڵێك دەژیم، کە ئێستاش بیری لێدەکەمەوە تەنها پەلەکردن دێتە پێش چاوم، ئەوسەردەمەی کە ژنم هێنا دوونیا ئەوەندە پێش کەوتوو نەبوو ئاهەنگ بە تیپی مۆسیقا و لەناو نادییەکان بەڕێوە بچێت، بۆیە حەزەکان زۆرن کە ئێستا ئاواتی بۆ دەخوازم کە چۆن چۆنی ئەو رێورەسمە بەڕێوە برابا،ئەوکات دەهۆڵ و زووڕنا باوی بوو لەبەر دەرگای ماڵ دەیانکووتا هی منیش هەروابوو، لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەماندا بێکەس دەڵێت: هاوسەرەکەم زیاتر پابەندی یادکردنەوەی ئەو رۆژەیەو ئەو زیاتر یادی دەکاتەوە دواجار ئەوەشی گوت: ساڵ بۆ ساڵ ئەو یادە بەرەو لاوازی دەڕوات، چونکە هاوسەران زیاتر دەبنە خاوەنی منداڵ و بەرپرسیارییەتی و زیاتر بەدوای بژێوی دەکەون و بیر لەو رۆژە ناکەنەوە، هەروەها لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دیکە جیاوازە، جیاوازییەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە ئەو خێزانانەی بە خۆشەویستی ژیانیان پێك هێناوە زیاتر پابەندی ئەو یادەن و بیرۆکەی جوانتر بۆ ئەو رۆژە ئامادە دەکەن تا لەو رۆژەدا بە یادێکی شکۆدار بێنە مەیدانی خۆشەویستی و پەیڤی نازدار پێشکەش بە یەکدی بکەن، بە داخەوە زۆر خێزان ئەوەندە رۆشنبیر نین تا بەرواری ئەو رۆژەیان لە یادبێ.

- بە بڕوای ( ئیسماعیل بەرزنجی ) شاعیر و رۆژنامەنووسیش دەبێت ئەو رۆژە لە یادی گشت هاوسەرێك بێت، چونکە ژیانی هاوسەری زۆر مانای جوان و مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت بۆیە دەڵێت: من دوو ژنم هێناوە یەکێکیان وەفاتی کردووە ئەوی دیکەشم دواتر خواستووە رۆژی هاوسەری هەردووکیانیشم لەبیرە،لە یادی ئەو رۆژانەشدا وەك نەریتێکی باو لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکانم دەچینە باخێك و لەوێش دیاری بۆ یەکتری دەکڕین و پێشکەشی یەکدی دەکەین، ئەوکات هەستم بە شادی و خۆشی دەکرد ئێستاش وەکو باوك خەم لە ژیانی منداڵەکانم دەخۆم کە زۆر جار ناتوانین لەبەردەم خواستوو ویستەکانی ئەوان بوەستین و بە ئارەزووی خۆیان شتەکانیان بۆ دابین بکەین، گەر مرۆڤ بوو بە باوك دەبێت رەچاوی زۆر یاساو رێسای ژیان بکات، ژیانی ئێستاش لە چاو پێشوو زۆر جیاوازی هەیە چونکە لە ژیاندا زۆرشت بەسەر خۆمان یان هاوڕێ و هاوکارەکانمان هات و زۆر ئەندێشەی لە لاماندا بۆیە زۆرجار یادی رۆژی هاوسەری بە مات و خامۆشی تێدەپەڕێ، (بەرزنجی ) گوتیشی: مرۆڤ دەبێت هەردەم زەردەخەنەی هەبێ ئێستا هیچ بیر لەوە ناکەمەوە کە رێو رەسمەکە بە جۆرێکی دیکە با، چونکە ئێستا هەڵپەی ئەوەمانە بچینە دەرەوە بژێوی

**لەبیرنەکردن و بایەخدان بەو رۆژە وەفاو وابەستەبوونی ژن و مێردە بۆ یەکتری گرۆتین، و نوێبوونەوەش دەخاتە ژیانیانەوە**

منداڵەکانمان دابین بکەین، هەروەها بۆ ئەو بۆنە هاوسەرەکەم زیاتر بیری ئەو رۆژە دەکاتەوە، چونکە ئافرەت حەز دەکات پیاوە هەر موڵکی خۆی بێت و سەرنجی بۆ لای خۆی کێش بکات، من زۆرجار لە هاوسەرەکەم دەپرسم دەڵێم بزانم ئەو رۆژەت لەیادە بەڵام لەیادی نەچۆتەوە، دواجار پرسیارێکی تایبەتمان لێکرد و پێمان گوت تۆ شاعیریت شیعرت بۆ هاوسەرەکەت نەنووسیوە بە پێکەنینەوە وەڵامی داینەوە وگوتی: ناوەڵا ئەو شیعرە بەمن نانووسرێ،هەروەها باسی یادکرنەوەی رۆژی هاوسەریشی کرد، بۆیە ئەوەشی گوت: ئەگەر یادکردنەوە بە قەناعەتی هەردوو لا بێ حەتمەن بەهاو رێزی زیاتر دەبەخشێتە خێزان (مارکیز) لە دوای تەمەنی (٩٠)ساڵی باسی خۆشەویستی دەکات لە رۆمانی (سەد ساڵ دوورە پەرێزی) هەروەها لە رۆمانی (یادەوەری سۆزانییە خەمبارەکانم) کابرا دوای تەمەنی (٨٠) ساڵی دەست بە خۆشەویستی دەکاتەوە، بەڵام کوا لە رۆژهەڵات و کوردستان، ئەوە زۆر زەحمەتە.

**حەزم دەکرد ئەو رۆژە لەسەردەمی ئێستا بووایە تا شکۆدارتر بەرێم کردبا**

- (مشیر بەکر) دەڵێت: لە یادمە ١٩٩٥/١١/٩ رۆژی هاوسەریمان بوو ئێستاش باسی لێوە دەکەین و منداڵەکانیشمان دەزانن کە چ رۆژێك یادی ئەو رۆژەیە، ئێمە بەدەر لەو یادەش هەمیشە دیاری بۆ یەکدی دەکڕین و هەمیشە جەژن و خۆشیمانە، (مشیر) گوتی: هاوسەرەکەم زیاد لە پێویست یادی ئەو رۆژە دەکاتەوە و هەمیشە دەڵێت: ئەگەر ئێستا ئەو رۆژەمان بەڕێوە بردبا ئاهەنگەکەمان بە چەشنێکی دیکە دەکرد، بۆ یادەکانی ئەو رۆژانەش حەتمەن دیاری تایبەتی دەکڕین، بەڵام هەمیشە ئەو دەست پێشخەرە و زووتر دەستی خۆی دەوەشێنێ.

- رای (عەبدوولرەحمان فەرهادی)یش بۆ ئەو رۆژە زۆر وەفادار بوو بەرامبەر بە هاوسەرەکەی کاتێك گوتی: رۆژی هاوسەری لەلای من گەورەترین واتای هەیە، بە تایبەت بۆ من، بەڵام لەبەر کاری دەرەوە رۆژانە ئەوەندە لایان نیم، ئەوکات رۆژێکی خۆشبوو بۆمن و ئێستا پەشیمانم کە درەنگ ژنم هێناوە، تا ئێستاش یادی ئەو رۆژە دەکەینەوە و زۆر بەیەکەوە دەچینە دەرەوە، هەروەها (عەبدوولرەحمان) گوتی: ئافرەتان بۆیە زیاتر یادی ئەو رۆژە دەکەنەوە چونکە زیاتر لە پیاوان لە ژوورەوەن و ئەوەندە ئازادنین بیر لە دەرەوە بکەنەوە بۆیە ئەو رۆژە تاکە یادگارییە کە تۆماری بکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیان نەك دۆست و هاورێیانیان، جگە لە یادی رۆژی هاوسەری بەڵکە رۆژانی دیکەش دیاریم بۆ کڕیوە.

**من زیاتر لە یادی ئەو رۆژەم نەک مێردەکەم بۆیە هەموو ساڵێک بەروارەکەی دێنمەوە یاد**

- خاتوو (چیمەن سەعدی) دەڵێت: ٢٠٠٥/٤/١ بوو کە چوومە ناو کەژاوەی ئاهەنگی هاوسەری و ئێستا کە بیر لەو رۆژە دەکەمەوە هەموو یادگارییەکانم لا نوێ دەبێتەوە و لەو رۆژەدا گەورەترین عەشق لە دڵمدا بەرامبەر بە هاوسەرەکەم چرۆ دەکات، (چیمەن) گوتی: هەموو ساڵێك لە یادی ئەو رۆژەدا دیاری بۆ یەکدی دەکڕین و وشەی ناسك پێشکەش بە یەکدی دەکەین، زۆر جاریش هەفتەیەك پێش یادەکە پێم دەڵێت چیمەن حەزت دەکرد لەو رۆژەدا چیمان بکردبا منیش دەڵێم خۆزگە رێورەسمەکەمان بە شێوەیەکی دیکەبا.

- دواجار رووی پرسیارەکانمان کردە کۆمەڵناس (نەسرین عەلی) ئەویش بەو شێوەیە بۆچوونی خۆی بۆ ئێمە دەربڕی: ئەو رۆژە رۆژی بەیەکگەیشتنی دوو کەسە یان دوو دڵداری لەمێژینەیە، بۆیە زۆر هەستیارە لە ژیانی تاکەکان لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك یادگاری خۆش تۆمار دەکرێت لە ژیانی کورو کچدا و خزمایەتی دەکەوێتە نێوان دوو بنەماڵە، خاتوو (نەسرین) گوتی: ئەگەر ساڵانە یادی ئەو رۆژە بکرێتەوە و لەیادی هاوسەراندابێت بێگومان سەنگو قورسایی بۆ هەردوولا زیاد دەکات و لەلای یەکدی خۆشەویست دەبن،بەڵام بەداخەوە چەندین خێزان هەر ناوی ساڵەکەشیان لەبیر نییە، دواجار گوتیشی: ئافرەتان بۆیە زیاتر پابەندی ئەو رۆژەن زیاتر چاویان لە دوای هاوسەرەکانیانە پیاو زۆرجار دوای هاوسەری یەکەم دووان و سێیانی خواستووەو چاو لەدەری دەکات و بیر لەو رۆژە ناکاتەوە و بەڵکە هەر ئیحترامی هاوسەرەکەشی ناگرێت.





# لادانی سێکسی کۆتایی بە ژیانی هاوسەری گەلاوێژ و مێردەکەی دێنێ

**✿ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری بۆ ژن و پیاو کۆمەڵێك مەغزاو مەدلولی جوان و پڕمانای هەیە هاوسەرگیری واتە خۆشەویستی و توانەوەی دوو عاشق لە بۆتەی یەکتردا بەواتایەکی تر پرۆسەی هاوسەرگیری فریادرەسی کچان و کورانە لە هەڵخلیسکان و لادان لەسەر رێگای راستەقینە و دەروازەیەکی تایبەت بۆ بەختەوەری و ژیانی هاوبەش... کەواتە ژیان بە هاوسەرگیرییەوە جوان و جوانتر دەبێ بۆیە ئەوانەی بایەخی شووکردن و ژنهێنان لایان شتێکی کەمە ئەوە بە هەڵەداچوونە، مرۆڤ چ کچ بێت یاخود کوڕ پێویستە بەر لەوەی بچێتە نێو دونیای هاوسەرایەتییەوە دەبێ لە پێشەدا خۆی ساز و ئامادە بکات بەتایبەتی پیاوەکان گەرەکە بزانن کە ئایە توانای بەڕێوەبردنی ژن وماڵیان هەیە و لە رووی جەستەیی عاتیفی و جنسییەوە تا چەند دەتوانن دڵی ژنەکانیان رازی بکەن ئەگەر زانیان مەرجەکانی هاوسەرێکی باشیان تێدا نییە نابێت باژۆ دەشتە لە خوت و خۆڕا ژن بهێنن و پاشان کچی خەڵك بکەنە پەندی زەمانە و ژیان لە خۆشیان تێك بدەن ئەم رووداوەی بەردەستتان نە رۆمانە و نە چیرۆکی بەر ئاگردان، بەڵکو باسی ژیانی کچێکە کە چۆن دوای مێردکردن تووشی ئازار و ناخۆشییەکی زۆر دێت و هەر بەو هۆیەشەوە تووشی خیانەت دێت و خیانەتی پێدەکرێت، ناوی ئەو کچەش(گەلاوێژ)ە، و تەمەنی ٢١ساڵە.✿**

ئا: گەرمیانی

### لای نەنکم دەژیام

گەلاوێژ لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە نەنکی "گورجی" بردیە لای خۆی تاکو بەخێوی بکات، دایکی گەلاوێژ تا بڵێی ژنێکی ناپوختە و پەرپووت بوو، بە کوردیەکەی منداڵی پێ بەخێو نەدەکرا، بۆیە سەلیمی باوکی گەلاوێژ ژنی بەسەردایکی هێنا "گورجیش" کە داپیرەی گەلاوێژ بوو واتە دایکی سەلیم، زۆر پیرەژنێکی میهرەبان بوو هەر زوو گەلاوێژی بردە لای خۆی تاکو بەشێوەیەکی باش بکات و منداڵێکی ژیر و خاوەن هەستی جوانی لێ دەرچێت، رۆژان هاتن و رۆیشتن گەلاوێژ وردەوردە زیاتر هەراش دەبوو لەسەرەتاوە یەك دوو ساڵێك چووە مەکتەب بەڵام دواتر وازی هێنا لە خوێندن و کە تەمەنی گەیشتە ١٩ساڵان ئیتر وردە وردە دەستی بەکاری بەرگدوری و خەیاتی کرد و رۆژ دوای رۆژیش دەست رەنگینی و پیشەوەری ئەو کچە لە ناو خەڵکدا زیاتر دەنگ و سەدای دەبیسترا، ئەو جگە لە جل و بەرگی ئافرەتان دەیتوانی جل و بەرگی پیاوانیش بدورێ، هەر بەم کارە خۆی و داپیرەی حەسانبۆوە چونکە پارەیەکی باشی لەم کارە وەچنگ دەکەوت، ئالێرەوە گەلاوێژخان خۆی باسی دەکات و دەڵێت: نەنکم گورجی زۆر ژنێکی باش بوو لەگەڵم، هەموو جارێك ئامۆژگاری دەکردم گەر شووشم کرد قەت ئەو لەبیر نەکەم ئەو دەیگووت رۆڵە تۆ هێشتا مەلۆتکەیەك بووی من بەخێوم کردی ئێستاکەش نامەوێ

لە کاتی پیریمدا بەجێم بهێڵی و مێرد بکەیت بە پیاوێك کە لێکمان بکات، منیـــش دەمگوت نا نەنکە گیان قـــەت وەها بیر مەکەوە من ئەوەندە ســپڵە و بێ وەفا نیم کە تۆ لە بیر بکەم بەڵکو ئەگەر تامردن لەم ماڵەدا قژی ســـپی بهۆنمـــەوە پیاوێك هەڵنابژێرم کە رقـــی لەتۆ بێت و منیش هەرگیز تـــۆ ناکەمە قوربانی هەوەس و ئارەزووەکانی خۆم.

## شووکردنێکی بە رێکەوت

رۆژێکیان دەمە عەســـرێکی درەنگ چناری دراوســـێمان هاتە ماڵمان من و داپیرەشم بەیەکەوە دانیشتبووین، چنار گوتی گەلاوێژ بۆ ئەوە هاتووم تاکو لەگەڵمدا بێیت بۆ بازاڕ چونکە لەبەر قسەی خەڵکی پێم خۆش نییە بەتەنیا بڕۆم، ئا لەو ساتە داپیری رەحمەتم گوتی هەر چەندە کاتەکەی زۆر درەنگە بەڵام لەبەر ئەوەی دراوسێ حەقی بەسەر دراوســـێوە هەیە، ئازابە گەلاوێژ کچم خۆت بگۆڕە و لەگەڵیدا بچۆ بـــەڵام زۆرتان پێ نەچێ و کەمێك زوو وەرنەوە، چونکە گەر تاریك دابێت بـــاش نییە بۆ ئێوەی دووکچی جوان و جاحێـــڵ، ئەوە بوو من و چنار بەیەکەوە دەرچووین بەنیازی ئەوەی بڕۆین بۆ بازاڕ چنار گوتی: گەلاوێژ بالەم کۆڵانەوە بڕۆین ماڵی پلکێکم لێرەیە هەر بەسەر پێیەکەوە سەرێکیان لێدەدەم چونکە پوورم زۆر نەخۆشـــە، چنار گوتی تۆش گەلاوێژ وەرە ژوورەوە، بەڵام من ترسام لەوەی بچمە، ماڵێکەوە کە لە پێشدا نەمناسیوون بەهەرحاڵ چنار چـــووە ژوورەوە، بەڵام من هەر لەســـەر کۆڵانەکە چاوەڕێم دەکرد، نزیکەی بیســـت دەقیقەی پێ چـــوو ئینجا لەو ماڵە هاتە دەرەوە منیش بە توڕەبوونێکەوە پێم گوت توخودا چنار ئەو رەفتارەت راســـتە کە نزیکەی نیو ساعەت منت لێرە راگرت هەر حەیام چوو لەسەر ئەم کۆڵانە، بەڵام چنار دەمی تەتەڵەی کرد و رەنگی سوور هەڵگەڕا پێم گوت کچی باش کەی ئەوە راســـتە تۆ ئەوەندە لای نەخۆش دابنیشی، چناریش گوتی بەدەست خۆم نەبوو نەیانهێشت زوو هەڵسـم ئا لەوێـــدا گومانێکی پیس کەوتـــە دڵمەوە تۆ بڵێی بەڕاستی ئەو ماڵە ماڵی پووری بووبێت یان درۆی لەگەڵمدا کرد بەڵام دواتر هیچ قســـەم نەکرد و پێکەوە چووینە بازاڕ- دیقەتم دا چنـــار زیاتر روو دەکاتە دوکانی زێڕنگرەکان و زۆربەی جارەکان لە نرخی زێڕی دەپرسی، نزیکەی دوو کاتژمێر لە بازاڕدا سوڕاینەوە قاچەکانم تەواو شـــل بوون و هێزم تیا نەمـــا ئەوەندە ماندوو بووم ئێســـتاش نەمبینی ئەو چنارە شتێك بکڕێ، خێرا خێرا پێم دەگوت دە زووبـــە کچێ با بچینەوە وا خۆرئـــاوا بوو ئاخر عەیبە بۆ ئێمە دوو کچی عازەب بە شەو لە بازاڕ بمێنینەوە کەچی هەر دەیگوت ماڵت خراپ نەبێ لە ســـاڵان و لە مانگان ئەمڕۆ هاتوینەتە بازاڕ چ عەجەلەمانە بۆ وا زوو بچینەوە، بەڵام من لەوە زیاتر تەحەموولم نەمـــا و گوتم چنار ئەوە نیو ســـەعات زیاتـــرە رۆژئاوابووە ئەوە تاریکی داهات، پێم ناڵێی کەنگـــێ بچینەوە کاولەکانمان کەچی سەرباری چاکەکەشم چنار ئەمجارەیان بە توڕەییەوە گوتی دەبەس پرتە و بۆڵە بکە کچێ خۆ کەعبە نەرووخاوە کە لەگەڵمدا هاتووی، بمزانیبـــا ئەوەندە لاســـاری قەت هاوڕێیەتیـــم نەدەکردی، ئەگەر دەڕۆیەوە بۆخۆت بە تەنیا بچۆوە من جارێ نامەوێ بچمەوە ماڵ و چاوەڕێی برادەرێك دەکەم کە مەوعیدم لەگەڵیدا هەیە، گەلاوێژ دەڵێت هەر ئەو کات تێگەیشـــتم کە چنار ئەخلاق و رەوشتی تەواو نییە بۆیە زۆر پەشـــیمان بوومەوە لە هاوڕێیتی ئەو یەکســـەرە بێ خودا حافیزی لەو شـــوێنەدا بەجێم هێڵا و هەر لەوێدا راوەســـتام تاکو تاکسییەك بێت و بمباتەوە ماڵەوە، لەو کاتەی کە راوەستابووم ئەوەندەم زانی تاکسییەك هەر لەخۆیەوە ئیشارەتی فوول لایتی بۆم هەڵکرد و وەســـتا لە بەردەممدا و گوتی خوشکێ بۆ کوێ دەچیت بفەرموو سەرکەوە با بتگەیەنم.. منیش گوتم بۆ فلان شوێن دەچم ئیتر ســـەرکەوتم لەگەڵیدا.. لە رێگا کەپارەم پێدا وەری نەگرت و گوتی من پیاوێکی لە خواتـــرس و نوێژکەرم... هیچ کاتێك ئەو نەفـــەرەی هەڵمگرتووە پارەی لێ وەرناگرم.. ئەو گوتی دەمەوێت بزانم تۆ شـــووت کردووە یان کچی جاحێڵی، منیش گوتم برام تۆ خاوەن تاکسیت و کاری گواستنەوەی نەفەر دەکەی هیچ پێویست ناکات لە ئەســـڵ و فەســـڵی ژیانی خەڵکی بکۆڵیتەوە، ئەگینا رایگرە و بادا بەزم... شوفێرەکە کە زانی من توڕەبوومە بەو قسانە گوتی قەسەم بە خودا من نیازی خراپم نەبوو لەو قسەیە بەڵام من نازانم بۆچی هەر چەندە لە نەینووکەکەوە تەماشات دەکەم سەرسام بوومە پێت وەرە ئەگەر شوت نەکردووە بە شەرعی مێردم پێ بکە، گەلاوێژ دەڵێت منیش ئەمجارەیان کە زانیم بەڕاستی دەیەوێ دڵی من وەدەســـت بێنێ، پێم گوت باشـــە تۆ تەمەنت وا نزیکەی چل ســـاڵە بۆچی تا ئێســـتا ژنت نەهێناوە، ئەویش پێکەنی و گوتی وەڵڵاهی ئیتر قیسمەت و نسیبم دیارە هەڵنەساوە، پێم گوت ئەوانە هەمووی قســـەی بەلاشـــە و ژننەهێنانی تۆ ماستێکی بێ موو نییە، شـــوفێرەکەگوتی خاتوون من حەوت ساڵە لە ئەوروپام، هەر چەندە لەوێ ســـەرم هێناوبرد ئەو ژنە قژ زەرد و خوێن ساردانەی ئەوێم نەچووە دڵەوە، هەرچی کچە کوردەکانی ئەوێشە ئەوانیشم بە دڵ نەبوو، من کە ئێســـتا داوای هاوســـەرگیری لە تۆ دەکەم هەر لە سەرو سیمات دیارە کچێکی بە ڕەوشت و خاوەن کەسایەتییەکی باشی، بۆیە چەقیویەتیە نێو دڵمەوە، منیش لێم پرسی ئەی وەزعی دارایت، گوزەرانت یەعنی دەوڵەمەندی، فەقیری؟ ئەویش گوتی: بەڕاستی ئەم پرسیارانەت زۆر دڵخۆشم دەکات چونکە سووڕ دەزانم لە ناخەوە منت پەسەند کردووە، بۆیە دەتەوێت لە دوا رۆژی خۆت و لە ژیانی هاوبەشمان بپرسیتەوە، گوتم نا کاکی برا غەڵەت لەمن تێمەگە.. منیش هەقـــی خۆمە، لەبەرامبەر داخوازیکارەکەمدا... چەند پرســـیارێکم هەبێ کە مەرج نییە پەسندی کەسەکەش بکەم، شوفێرەکە کە ناوی (کەنعان) بوو زۆر پێکەنی و گوتی بە قوربانت بم ئەی ئەو شـــۆخەی لەم دوا دواییەی تەمەنمدا هیوام وایە ببیتە رزگارکەرم خۆ من ئەوە چەندین ســـاڵە چاوەڕێم تاکو ژنێکی وام دەست دەکەوێت کە دوا رۆژم رووناك بکاتەوە... منیش گوتم خۆت لە پرسیارەکەم دزییەوە خۆ پێم گوتی باری دارایت چۆنە..؟ ئەویش گوتـــی ئەها... ئەها وەڵڵاهی ئەوەی راســـتی بێت وەك تۆ چۆن تەنیا خۆت و نەنکت پێکەوە دەژین منیش ئێســـتا لەگەڵ دایکمدا کە پیرە ژنێکی تەمەن شەســـت و سێ ساڵە بەیەکەوە لە گوندێکی ئەم دەورووبەرانەدا دەژین و هەندێ ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتمان هەیە و بەس، و ژیانیشـــمان تەنیا لەســـەر ئەو مەڕ و ماڵاتانەیە... ئەم ئۆتۆمبێلەش هی خالۆیەکمە کە ناوی (ســـەنگەرە) جار و بار هەر بۆ پیاسە دەیهێنم بۆ ناو شار... هەر بەدەم ئەم قسانەوە بووین ئیتر گەیشتینە بەردەم ماڵی داپیرەم، گوتم برا من لێرە دادەبەزم، ئەویش گوتی: قەیدی ناکا تۆ دابـــەزە بەڵام منیش لەگەڵتدا دادەبەزم.. دەمـــەوێ نوێژەکەم بکەم، چونکە ماڵی هیچ خزمێك لێرە شـــك



●●●

**هاوسەرگیری جگە لە وەی کۆکردنەوەی دوو کارەکتەرە لە ژێر ساباتی یەک ژیانی هاوبەشدا هاوکات نێوەندێکیشە بۆ دامرکاندنەوە و خاڵی کردنەوەی کۆمەڵە حەز و ئارەزوویەک لە چوارچێوەی یاسا و شەرعدا بۆیە هەر نەنگی و ساردییەک لە پەیوەندی سێکسی ژن و مێرد ئاسەواری وێرانکەری دەبێ لەسەر تەواوی ژیانی ئەوان و پرۆسەکە هەڵدەوەشێنێتەوە**

●●●

نابەم، بۆیە کە وای گوت منیش گوتم فەرموو، هاتە ژوورەوە... سڵاوێکی گەرمی لە داپیرەم کرد و هەردوو دەستەکانی ماچ کرد.. و ئەمجارەیان دەستنوێژی شووشت و دەستی بە نوێژکردن کرد... داپیرەشم خێرا خێرا دەیگووت ئەرێ گەلاوێژ ئەم پیاوە کێیە، وا ئەوەندە بە دینە و سەر لەسەر دووگردەکە هەڵنا گرێ و هەر دەپاڕێتەوە لە خوا... داپیرەم ئەوەندە فەقیرو داما و بوو یەکسەرە فریوی خوارد و گوتی رۆڵە ئەم کابرا رێبوارە کورێکی زۆر باش دێتە بەرچاوم، و خوا بۆتۆی ناردووە، ئەگەر ژن و مناڵی تری نییە.... لە دەست خۆتی مەدە و ئازا شووی پێبکە منیش گوتم داپیرە..کێ دەڵێ ئەم کابرایە پیاوێکی باش و لەخوا ترسێکی راستەقینەیە... بەڵام داپیرەم قسەکانی نەدە سەلماندم و هەر دەیگوت بەخوا کچم هی وات دەست ناکەوێ و لە دەست خۆتی مەدە.... بە هەر حاڵ کەنعان دوای تەواوکردنی نوێژەکانی ئەمجارەیان خوا حافیزی کرد و لە ساتی رۆیشتنیدا گوتی چیتان پێویست بێت... تاکو بۆ تانی بکەم، من لەم ساتەوە خۆم بە کوڕی ئەم ماڵە دەزانم، بۆیە غافڵگیر نابم لێتان، ئیتر ئەو کەنعانە رۆیشت... منیش هەر قەلەق و رارا بووم... خوایە گیان تۆ بڵێیت ئەم پیاوە... مرۆڤێکی باش بێت.. باشە ئەی بۆچی ئەوەندە ساڵە ژنی نەهێناوە.. ئەی دەبێ لە ئەوروپا چەنێ رایبواردبێ لەگەڵ کچە سۆزانییەکانی ئەوێدا.. هەر خۆشم وەڵامی راراییەکانی نێو دڵی خۆم دەدایەوە، و دەمگوت... ئەوەی رابوورد، رابوورد،لە ژیانی... بەڵام ئێستا لەوانەیە تۆبەی کردبێ و مرۆڤێکی باشی لێ دەرچووبێت، بەم شێوەیە هەموو چوار رۆژێ نەخایاند دەمەو عەسرێکی درەنگ وەختێکم زانی لە دەرگادرا، سەیرم کرد ئەوا کەنعان و پیرە ژنەکەی دایکێتی، ئەوەبوو دوای داخوازی و پارانەوە لە داپیرەم، منیش رازی بووم کە مێرد بە کەنعان بکەم، بەڵام بە مەرجێك دەبێ تا مردن پێڵاوەکانی داپیرەم بخەیتە سەر چاووت و وەکو دایکی خۆت بە خێوی بکەیت.

### هاوسەرگیرییەکی بێ ئەنجام

دوای ئەوە کەنعانی شوفێر بە هەموو مەرجەکانم رازی بوو. هەڵقەی دەزگیرانداریمان گۆڕییەوە، هەمووی مانگێکی گوزەر نەکردبوو داپیرەم ئەمری خودای بە جێهێناو مرد، ئیتر منیش لە دوای مەرگی داپیرەم نەمدەتوانی بە تەنیا بژیم بۆیە پەلەم کرد لە کەنعان تاکو بمگوازێتەوە، ئەوەبوو لە دوای پرسەکەی داپیرەم گواسترامەوە و هاوسەرگیریمان پێکهێنا... بەڵام ئەوەی زۆر تووشی سەرسوڕمانی کردم.. ئەو پیاوە جگە لە شەوی یەکەم... ئیتر بە درێژایی ئەو هەفتەیەی یەکەمی مانگی هەنگوینیمان بۆ تەنیا جارێکیش نەهات سەرجێم لەگەڵ دا بکات.... شەوان زۆرجار بەخەبەر دەهاتم سەیرم کرد لە تەنیشتمەوە نەماوە و چووتە دەرێ... کە دەچوومە دەرێ، سەیرم دەکرد وا بەخۆی و لایتێکەوە لە ژووری ئاژەڵەکانەوە دێتە دەرەوە... شەوێك وا و دووان وا... تا ئەوەی جارێکیان گوتم: ئەرێ تو خوا تۆ بەخۆت دەڵێی پیاو... ئەرێ من نازانم تۆ بۆچی ژنت هێناوە.. ئەی ئەگەر هیچ پێویستیت بە ژن نەبوو یان ناتەوێ لەگەڵی بخەوی بۆچی کچی عالەمت کردە پەند... گوتم کەنعان پێم ناڵێی تۆ هەموو شەوێك لە ژووری چێڵ و مانگا و ئاژەڵەکاندا چی دەکەی دیارە ئەوانت خۆشتر دەوێن لەمن... ئەویش بە چاوێکی شەرمەزارانەوە گوتی ژنەکە ئێمە ژیانمان لەسەر ئەو مەڕ و ماڵات و چێڵانەیە دەبێ هەموو شەوێك جارێك هەر سەریان لێبدەم... منیش گوتم باشە... ئەوەبوو شەوێکیان وایزانی نووستووم.. بە دزییەوە هەڵسا و چووبۆ لای ئاژەڵەکان، منیش بە ئەسپایێ بە دوایدا چووم.. بە دزییەوە تەماشام کرد سوێندتان لەسەرم نییە، کە بە چاوی خۆم بینیم کە دەیویست لەگەڵ ئاژەڵەکاندا جووت ببێ و غەریزەکانی خۆی دابمرکێنێتەوە، ئا لەو ساتەدا ئاگرم تێبەربوو، ئیتر بەرچاوم تاریك بوو... ئەی خودایە من تووشی چ جڕ و جانەوەرێك بوومە.. ئا لەو ساتەدا هاوارم کردە سەری گوتم هەی لەو ئاژەڵانە کەمتر هەی بەر لەعنەتی خوا و پێغەمبەر کەوی ئەوە خەریکی چیت.. ئەویش پەشۆکا لە شەرمەزاری خۆیدا گوتی نازانم ئەوە بەدەم خەوەوە هاتووم، بۆ ئێرە.. ئەوەبوو هەر ئەو شەوە پێم گوت گەر ئەو راستیەیم پێ نەڵێی کە لە کوێ و لەکەیەوە فێری ئەم رەفتارە قێزەونە بوویتە.. هەم شکاتت لێ دەکەم و هەمیش دەبێ تەڵاقم بدەیت..

گوتی گەلاوێژگیان بە قوربانت بم لای کەس ئابڕووم مەبە هەرچیت بوێ بۆتی باس دەکەم... گوتم لە کەیەوە فێری ئەم رەفتارە ناشیرینە بووی... گوتی کە چوومە ئەوروپا لە شوقەیەکدا دەژیام کچێکی دۆستم هەبوو کەندی بوو سەگێکی هەبوو.. ئەم کچە خۆی لە شەفرۆش بوو زۆر شەوان دەهات لام دەمایەوە و بەیەکەوە رامانەبوارد هەر ئەو فێری کردم کە لەگەڵ سەگەکەیدا کە ناوی (سام) بوو جووت بم و رابوێرم.. ئەوەبوو دوای ساڵێك ئەو چووەوە وڵاتەکەی خۆی و منیشی بۆ ئەم کارە بەدرەوشتییە جێهێڵا.. ئێستاکەشی خویەکە و گرتوومە و ناتوانم تەرکی بکەم... گوتم دەسا بە لەعنەتبی لەگەڵ شەیتاندا حەشر بکرێی خەڵك دەچێتە دەرەوە فێری سەقافەت و مەعریفەت دەبێ بەڵام تۆ وەك میزی حوشتر هەر بۆ دواوە چووی و ئەم ئەفعاڵە جوانە فێربووی.. ئەی باشە کەوا بوو بۆ منت کردە پەند و ژنت هێنا.. گوتی لەبەر قسەی خەڵکی تاکو هیچ کەس گومانم لێ نەکەن... گوتم تو خودا تۆ بەراستی دەزانی کە ئاوا منت ئیهمال کردووە، خوا چۆن لێت قەبووڵ دەکات... ئەویش لە وەڵامدا گوتی بەدەستی خۆم نییە، هیچ زەوقێکم لەگەڵ ژندا نییە و رکم لەوە دەبێتە لەگەڵیدا سەرجێی بکەم.. کەواتە گوتم من دەمەوێ لەتۆ جیاببمەوە و شوو بە مرۆڤێك بکەم... تۆش تا دەمری هەر ئەوە رەفتارت بێت. و تۆ شایەنی ئەوە نیت لە ناو مرۆڤیشدا بژیت... بەڵام ئەو گوتی ناتوانم تەڵاقت بدەم.. چونکە ئابڕوومان دەچێت..

گوتم کەنعان هەر کەسێك باسی ئابڕو بکات تۆ مەیکە، چونکە تۆ پیسترین ئاژەڵی سەر زەویت... یەکەم جار بە درۆ منت خەڵەتاند ئێستاکەش دەرکەوت ئەو جۆرە بوونەوەرەی.

بۆیە گەر تەڵاقم نەدەیت حەیا و شەرەفت دەبەم لە ناو خەڵکدا و ئابڕوت دەخەمە بن پێڵاوی خەڵکی گەرەکەکە، ئەوەبوو دوای دوو مانگ لە ژیانی هاوسەرگیریمان کەنعانی ناپاك سێ بە سێ تەڵاقی دام.

ئێستاکەش من بە بێوەژنی دەژیم زۆر پەشیمانم لەوەی کەوتمە دوای پیاوێکی زمان لووسی ناپاکەوە کە بەبۆنەی ئەوەوە ئێستاکە هەموو پیاوی دونیام لەبەرچاووکەوتووە و جارێکی تر قەت ئامادەنیم شووبکەمەوە.

**چەند مانگێک دوای هاوسەرگیریمان مێردەکەم سەرجێی لەگەڵ نەکردم**





# خۆشەویستی لەسەردەمی عەولەمەدا

***خۆشەویستی فاسیلەیەکە لە نێوان مەرگ و ژیاندا ، مرۆڤ کە هەستی بەخۆشەویستی نەکرد، هەست بە ژیان بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە ناکات ، مرۆڤ جاری وا هەیە لە دۆخێکی تا بڵێی دژوار و نالەباردا دەبێت، کەچی بەهۆی خۆشەویستییەوە، هێز و گوڕوتینێکی لە رادەبەدەر لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و بەسەر دژوارییەکانیدا زاڵ دەبێت.***

ئا: ئاڤان عەلی

بەڵام هەندێك بارودۆخیش هەن، کە لەسەرووی ئیرادەی مرۆڤەوەن و مرۆڤ ناتوانێت بەخۆشەویستی، بە هەموو ئەو هەست و خەیاڵانەی دروستیان دەکات، بەسەر ئەو دۆخەیدا زاڵ بێت، پرسیارەکە ئەوەیە، تاکی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێمە کە لەنێو دنیایەك کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەژی، ئایا هەستی خۆشەویستی لەلا ماوە، جا ئەو خۆشەویستییە بۆ خوشك و برا بێت، یا بۆ نیشتمان بێت؟

مرۆڤ کە لە هەرەتی لاوێتیدا بوو، هەست و سۆزێکی پڕ گەرم و گوڕیی دەبێت، بۆیە کچێك یا کوڕێك کاتێك خۆشەویستی دەکات، خۆشەویستییەکەشی جۆرێك لە خۆسەلماندن و بڕوا و رووبەڕووبوونەوەشی تێدایە، خاتوو(بەناز محەمەدەمین) فەرمانبەری مافپەروەر، بەمجۆرە بیر دەکاتەوە و دەڵێ:

مرۆڤ بە خۆشەویستی نەبێ ناتوانێ بژیت، هەموو سەرمایەی مرۆڤ کە بە ژیانییەوە بیبەستێنەوە، خۆشەویستییە، جا ئەگەر بارودۆخێکی نالەباری وەك هەژاریی و دەستکورتی، بێ جێ و رێی، زەحمەتی و دژوارییەکانی ژیان ئەو هەستەی کز کرد، ئەوە کەی خۆشەویستییە.

ئایا تۆ دیوتە خۆشەویستیی نێوان کچ و کوڕێك بەهۆی کەمدەرامەتی و هەژارییەوە، کە مایەی هەموو دەردو بەڵاکانی دنیایە، بمرێت، کامە کچ و کوڕ لەبەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە دووچاریان دەبێتەوە وازیان لە یەکتر هێناوە.

بە بڕوای من مرۆڤ کەی خۆشەویستییان لێ حەرام کرا، هێندەی دیکە عاشقی یەکتر دەبن.

### خۆشەویستی سەرچاوەی ژیانە

هەندێك کەس بە هەوا و ئومێدی خۆشەویستییەوە دەژین، لە کۆمەڵگەی ئێمە کە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیی و سونەتییە، مرۆڤ تیایدا لەسەر خۆشەویستی شەلاق دەکرێ و تێیهەڵدەدرێ و بگرە جاری وا هەیە دەشــکوژرێ، بەڵام هەمیشــە ئیرادەی خۆشەویستی گەورەتر و زاڵتربووە (عەلی مەحمود) کە تەمەنی (٢٧) ساڵە و بەڕێوەبەری بەشە لە فەرمانگەیەك، حەزی کرد ئەزموونی خویمان بۆ بگێڕێتەوە لەگەڵ خۆشەویستی (عەلی) بەمجۆرە باســی خۆشەویســتی خۆی بۆ کچێك بۆ کردین و گوتی: تەمەنم (٢١) ســاڵان بوون کە کچێکم خۆشویســت و عاشــقی بووم، هەردووکمان لە قۆناغی ســێیەمی کۆلێژێك بووین بەڵام لە دوو بەشی جیاوازدا.

دوای هەوڵدانێکــی زۆر توانیم پەیوەندی لەگەڵ دروســت بکەم، هەر لەسەرەتاشەوە ئامانجمان لە پەیوەندییەکە دیاریکرد، کە پێکهێنانی ژیانی هاوســەرێتی بوو، من بەڕادەیەك خۆشم دەویســت بەمن بایە هەمیشە وەك ســێبەر، بەردەوام لە گەڵی ببامایــە، ئەم هۆگریی بوونــە و ئەم بــەردەوام پێکەوە بوونە وایکــرد، ماڵەوەیان پێبزانێ، ئەوەبوو براکانی کە چوار بوون، بە خزمێکیان بە قســە و جنێودان، پەیامی هەڕەشــەیان بۆ ناردم، بەڵام هەڕەشە چییە، هەر گوێشم پێنەدا، ئەمجارە خوشکەکەیان تەمــێ کردبوو کە نابێ نە لەگەڵم بێــت و نە دوور و نزیکش لێم نزیك بێتەوە و قســەم لەگەڵدا بکات، من لەبەر خاتری ئەو کە تووشی چەرمەســەری نەکرێت، پێکەوە ڕێککەوتین تەنیا بە مۆبایل بە یەکەوە بدوێین، بەمەشــیان زانی و ئەمەشیان لێ قەدەغەکــرد، ئەوان هەر قەدەغەکردن و چاو ســوورکردنەوەیان دەکرد و ئێمەش لە خۆشەویســتی خۆمان هەر بەردەوام بووین، تا گەیشــتە ئەوەی ڕۆژێك هەر چواریان هاتنە ســەر ڕێگام و لێمان بوو بەشەڕ و سەرم لە دوو جێگا و دەستێکیشیان شکاندم، کە چی خۆشەویســتییەکەمان هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد ، ئەوە بوو کچەکە ورە بەربدات تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ســاڵی تەواو کرد و ڕۆژێك هاتە لام و گوتی هاتووم بۆ دواجــار خواحافیزت لێبکەم و ئیتر بۆ یەکجاری ناتبینمەوە ، منیان داوە بە کوڕە مامێکم و لە ئەوروپایە، هەفتەیەکی تر مارەم دەکات و مانگێکی تریش لەگەڵ خۆیم دەبات.

ئێمە بۆ یەکتر نابین و باشترە واز لە یەکتر بێنین.. بە چاوی پڕ لە گریان هەستاو ڕۆیشت، چیتر نەمبینییەوە، چەند هەوڵمدا نەمتوانی پەیوەندی پێوە بکەم، دوای چوار ساڵ زانیم لە وڵاتی ئەڵمانیایەو منداڵێکیشی هەیەو ئەوەی لە خەیاڵیدا نەماوە منم، ســەرم ســووڕما لەو ورە بەردانیەی و ئەم خۆپەرستییەی ئەو هەموو ناخۆشیانەی لەســەر ئەو بەسەرم هات کە هەموویم بە قوربانــی ئەو کردو بەرگەم گرت، لای ئــەو پوولێکی قەڵپی نەکرد، سەرەڕای هەموو ئەوانەش من هێشتاش خۆشەویستیم لا پیرۆزەو هەر بە پیرۆزیش دەمێنێتەوە.

### ژن و مێردێك خۆشەویستییەکی بێگەردو راستەقینە

کەســانێك هەن ســەرەڕای هەموو بارودۆخێکی ســەخت و دژواریش سەرەڕای نەبوونی و هەژاریش، کەچی خۆشەویستی لای ئــەوان هەر پیرۆزە.. (شــەوبۆ جەبارو ســالار محێدین) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە گەر مرۆڤ باس لە خۆشەویستی راستەقینە بکات، ئەوا هیچ بەربەستێك بەسەریدا زاڵ نابێت..

(ســالار) دەڵــێ نزیکەی (١٣) ســاڵە ژنم هێنــاوە.. بەر لــە ژنهێنانم تەنهــا مووچەیەکی کەمم هەبــوو و هیچی تر، کە (شەوبۆ)م خواست ســاڵێك بوو یەکتریمان خۆشدەویست پێش ئەوەی ببینە هاوسەری یەکتر چەندین جار بەدووورودرێژی باسی دوارۆژی خۆمان دەکرد، هەرگیز باســی بارودۆخی نەبوونی و هەژاری ئەوکاتیمان نەدەکرد، بەڵکو تەنها باســی دوارۆژمان دەکرد. کە زەماوەندمان کرد، لــە ماڵی باوکم تاقە ژوورێکمان هەبوو، لەگــەڵ کەنتۆرو رایەخێك، تەنانــەت نە بەفرگرەو نە تەلەڤزیۆنیشمان نەبوو سەرمایەی هەموو دنیامان خۆشەویستیمان بوو بۆ یەکتر.

هەر لەسەرەتاشــەوە دروشمان خۆشەویستی بوو، جا با لەژێر رەشــماڵێکدا بین، ئێستاش کە باری داراییمان زۆرباشە، هەمان ئەو گوڕوتینە خۆشەویستییەی جارانمان هەیە.. خۆشەویستی هەستێکە هەرگیز لە ناو ناچێ.

●●●

گەنجێک:
خۆشەویستی لە بارودۆخی ئەمڕۆدا مانا و ئاکامێکی لە خۆشەویستی نەهێشتووە

●●●

بە پێچەوانەی هەست و بیروڕای (سالارو عەلی) کەسانێکی تر هەن پێیانوایە کە ئەوەی خۆشەویستی بێ لەم وڵاتەدا نەماوە، لەم دۆخەی کۆمەڵگەی ئێمەی تێیکەوتووە، هیچ شتێك نەماوە ناوی خۆشەویســتی بێت، (ڕێباز رەئــووف) گەنجێکی (٢٣) ســاڵەو دەڵێ: ئەمڕۆ کێ ئاگای لە خۆشەویستی ماوە، خەڵك ئەسڵەن نازانن خۆشەویســتیش چییە، چینێك تەنها خەریکی گیرفان پڕکردن و دەوڵەمەندبوونە، چینێکیش لەوپەڕی هەژاری و دەستکورتیدا دەژین، ژیانی ئێمە هیچ خێرو خۆشییەکی نەماوە تا خۆشەویستی هێشتبێتەوە، ڕۆژ هەیە هەواڵی خۆسووتاندن یا خۆکۆشتنی فلان کچ یا ژن نەبیستی، ئایا ئەمڕۆ کچ و کوڕێك دەتوانن بێ ترس و هەڕەشــە، یەکتریان خۆشبووێ، چەندن ئەو گەنجانەی بە خۆشەویســتییەکی راستەقینە توانیویانە ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن...

(تاڵب شــامراد) گەنجێکە لە قۆناغــی دووەمی کۆلێژی پەروەردەیــە، پێی وایە خۆشەویســتی مــرۆڤ بۆ مرۆڤ، سەرەڕای جەنجاڵی و کێشەکانی ژیانیش هەر دەمێنێت، بەڕای من ئــەو خۆشەویســتییەی ئەمڕۆکە مردووە خۆشەویســتی نیشــتمانە، جاران خەڵك لە عەشقی نیشــتمان بوو کە هەزاران کەس گیانی بە قوربانی دەکرد، ئێســتا هەزاران نیشــتمان بە قوربانی خۆیان دەکەن، ئەمڕۆ کەس نیشــتمانی خۆشــناوێت، چونکە نیشــتمان بۆتە مایەی دەردو بەڵاو موسیبەتی گەورە بۆی، نیشتمانێك بووبێتە هۆی هەژاربوونی زیاتری هەژارەکان و دەوڵەمەندبوونــی زیاتری دەوڵەمەندەکانیــش بووبێتە هۆی سەرهەڵگرتنی گەنجان و لانەوازبوون و بێ ئیرادە بوونیان، چۆن شایستەی خۆشەویستی دەبێت.. لەم لاشەوە زەمەنی عەولەمەو پێشکەوتن سەرجەم پێوەرەکانی ژیانی گۆڕییەوەو تام و پیرۆزی بۆ زۆر شتی پڕ بایەخی وەك خۆشەویستی نەهێشتۆتەوە.

●●●

زەمەنی عەولەمە و پێشکەوتن تەواوی پێوەرەکانی ژیانی گۆڕیووە

●●●